**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٥٢ لە ٢٠٢٠/٢/٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسایی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوایی ڕێنمایمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە هەمواریيە:-

**بەیانی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش**

**ماددەی (١):-**

١- گۆڕینی ڕێژەی(٣٠٪) بۆ (٥٠٪) لە هەرماددە و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

٢- گۆڕینی ڕێژەی (٥٠٪) بۆ (٨٠٪) لە هەر ماددە و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

**ماددەی (٢):-**

زیاد کردنی سێ بڕگە(٩و١٠و١١) لە ماددەی پێنجەم لە ڕێنمایی سەرەوە دەبێتە بڕگە (١٢)ی ڕێنمایی سەرەوە .

٩. ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (٣٠٪)ـە ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت و لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت .

١٠. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٣٠٪) زیاتر و لە (٥٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٥٠٪) بدات .

١١. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥٠٪) زیاتر و لە (٨٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٨٠٪) بدات

١٢.بڕی ئەو پارانەی سەرەوە کەلەم ماددەیە هاتووە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (٣):-**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**